ICRC




# راستیەکان و ژمارەکان 2025

## 770 بەڵگەنامە

دابینکران کە گەواهی دەدەن لەسەر دەستبەسەرکردنی دیلی پێشوی جەنگ یان ئەوانەی لە میانی ناکۆکیەکانی رابردوودا دەستبەسەرکرابوون و لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە لە گرتوخانەکاندا بینرابوون، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق.

**932 کەس** سوودمەند بوون لە جەلسەی گروپی چڕکراوەی تایبەت سەبارەت بە چاودێریی تەندروستی لە مەترسیدا، کە لەلایەن کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی لە موسڵ و ناسرییە ئەنجامدران.

**19,065 کەس** دەستوێڕاگەیشتنیان باشترکرا بۆ ئاو، کارەبا و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش لەڕێی پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکانەوە، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی.

**35 کەس** لە کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی بەشدارییان لە وۆرکشۆپێکی فێربوون و راهێناندا کرد سەبارەت بە شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سەلامەت کە پەیوەست بوو بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری.

## 19,679 کەس

پەیوەندیان بە ناوەندی پەیوەندی کۆمەڵگای سەر بە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور کرد بۆ پرسیار کردن دەربارەی خزمەتگوزاریەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سووریان بۆ گەیاندنی نیگەرانیەکانیان.

## 794 خێزانی

کەسانی بێسەروشوێن سوودیان لە پشتگیری یاسایی، دەروونی کۆمەڵایەتی و ماددی وەرگرت، کە 137 خێزان بەڵگەنامەی مەدەنییان وەرگرت و 263 خێزانیش سوودمەند بوون لە ئامۆژگاری یاسایی.

**183 کۆمەڵە لە ئێسک و پروسکی مرۆیی** هی کاتی جەنگی عێراق و ئێران لەژێر چاودێری کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سووردا گواسترانەوە.

## 568 کارمەند

لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە بەشداریان کرد لە 40 راهێنان سەبارەت بە باشترین هەڵسوکەوت و رێکارەکان لەسەر سۆراخ کردن و شوناسکردنی کەسانی ونبوو، هەروەها بۆ پارێزگاریکردن و راگرتنی شکۆمەندی مردوان و شوێنەکانی مردوو ناشتن.

**4 دامەزراوەی پزیشکی دادوەری** پشتگیری ژێرخانەییان وەرگرت، لەگەڵ ئامێری تایبەتمەند کە بەخشرایە سێ دامەزراوەی دەوڵەت بۆ پشتگیریکردن لە کار و چالاکیەکانیان لە سۆراخ کردنی کەسانی بێسەروشوێن.

## 23,675 دەستبەسەرکراو

دەست گەیشتنیان بە چاودێری تەندروستی باشترکرد دوابەدوای پشتگیری تەکنیکی و بەخشینی ئامێری پزیشکی لە شەش گرتوخانەدا.

**37,000 دەستبەسەرکراو** بارودۆخی ژیانیان باشتر کرا پاش وەرگرتنی کەلوپەلی پاکژی، جلوبەرگ و پێخەف لە 18 گرتوخانەدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی گرتوخانەکاندا.

**6 خولی هەستیارکردنەوە** دەربارەی پەرەپێدانی تەندروستی پێشکەش بەو کارمەندە کۆمەڵایەتیانە کرا کە لەناو گرتوخانەکاندا کار دەکەن.

**7,188 دەستبەسەرکراو** بەدواداچوونی تاک-کەسیان لەگەڵدا کرا لە میانی 61 سەرداندا بۆ 28 گرتوخانە.

لەڕێی سەردان و دیالۆگە بەردەوامەکانمان لەگەڵ دەسەڵاتی گرتوخانەکاندا، ئامانجمان پشتگیریکردنی هەوڵ و کۆششی دەسەڵاتەکانە لە باشترکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراواندا و باشترکردنی ئەو بارودۆخەی کە تیاییدا گلدراونەتەوە.

**11,450 دەستبەسەرکراو** لە شەش گرتوخانەدا سوودیان لە باشترکردنی ژێرخانی شوێنەکانی ژیان و ئەو ناوچانەی دیاری کراون بۆ هەوا گۆڕین وەرگرتوە، هاوشان لەگەڵ بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی دیزاین بۆ دابین کردنی ژینگەیەکی مرۆڤانەتر لە گرتوخانەدا.

## 9,149 کەس

لەنێویاندا خێزانانی کەسانی بێسەروشوێن و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، بژێوی ژیانیان باشتر کرد لەڕێی کۆمەکی نەختینەیی بۆ چالاکیەکانی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پرۆژەی بچوک و پرۆژەکانی دیکەی بژێوی و نەختینەی فرەمەبەست بۆ پێویستیە دەستبەجێکان. ئەم پشتگیریە راهێنان لەسەر کارامەییەکانی بازرگانی، پراکتیزە کشتوکاڵیە باشەکان، هەروەها شێوازەکانی کشتوکاڵی گونجاو لەگەڵ کەشوهەوا لەخۆگرتبوو.

## 5,692 نامەی

**خاچی سوور** لەنێوان ئەندامانی خێزانە لێکدابڕاوەکان، کە زۆرترینیان لەنێوان گیراوان و کەسوکاریاندا بوو، ئاڵوگۆڕکران.

خێزانان داواکاری نوێیان پێشکەش کرد بۆ سۆراخ کردنی **1,289** کەسوکاری بێ سەروشوێن.

چارەنوس و جێوشوێنی **517** کەسی ونبوو یەکلاکرایەوە.

## 1,273 کەس

لە **چوار** پارێزگادا سوودمەند بوون لە چالاکیەکانی دروستی عەقلی و پشتگیری دەروونی.

ئەم ژمارەیە هەموو ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە سوودمەند بوون لە دانیشتنەکانی زانیاری پێدان/هەستیارکردنەوە و ئەو راهێنانەی کە سازدران بۆ دابینکردنی هاوکاری لە بواری دروستی عەقلی و دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کەوتبونە ژێر کاریگەری ناکۆکیە چەکداریەکان، بە شێوەیەکی سەرەکیش خێزانانی کەسانی بێ سەروشوێن.

## 11,642 کەس

بەشداریان لەو خولی راهێنانانە کرد کە تیشکیان خستبووە سەر هۆشیارکردنەوە لە مەترسی و هەڵسوکەوت کردنی سەلامەت. لەگەڵ ئەوەشدا، **558** یەکەی ئامێری لابردنی مین و تەقەمەنی دابین کرا بۆ دەزگا نیشتمانیەکانی کاروباری مین، بەرگری شارستانی، هەروەها کارمەندانی مین لابردن، ئەمەش بۆ بەرزکردنەوەی کاریگەری سەلامەتی لەسەر کار و چالاکیەکانی پاککردنەوەی ناوچە پیسبوو بە چەق و تەقەمەنیەکان.

## 13,292 کەسی

خاوەن پێداویستی تایبەت خزمەتگوزاری بوژاندنەوەی جەستەییان وەرگرت، لەنێویاندا دابین کردنی **1,065** پەلی دەستکرد، **6,291** پاڵپشتی جوڵە، **319** کورسی چەرخداری گونجێنراو و **26,091** جەلسەی چارەسەری سروشتی.

بنکەی هەولێر بۆ بوژاندنەوەی جەستەیی سەر بە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور خزمەتگوزاری پێشکەش کرد بە **7,750** کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت، لەنێویاندا **112** دەستبەسەرکراو خزمەتگوزاری و ئامێری یاریدەدەریان وەرگرت.

## 1,033 بەشداربوو

سوودیان لە زیاتر لە **111** چالاکی وەرگرت، لەوانەش **29** خولی راهێنان لەسەر یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، لەگەڵ **82** کۆبوونەوە و وۆرکشۆپ کە تیشکیان خستبووە سەر بەم بابەتانە.

## 2,310 کەس

بەشداریان لە خولەکانی هۆشیاری بەدەمەوەچوونی فریاکەوتندا کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق لە موسڵ، ناسریە، هەولێر، نەینەوا و بەغدا رێکخرابوون، هەروەها **932** کەس بەشداریان لە گفتوگۆی گروپی تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاودێری تەندروستی لە باروودۆخە مەترسیدارەکاندا کرد.

**61 کەسی فریاگوزاریی ئەمبوڵانس** و **85 مین لابەر** لە بواری فریاکەوتن و فریاگوزاریی سەرەتاییدا راهێنران، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی کارامەییەکانی رزگارکردنی ژیان لەسەر ئاستی کۆمەڵگا لە بەغدا و موسڵ.

**19 کەسی فریاگوزاریی سەرەتایی**، کە خۆبەخشانی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی و کارمەندانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سووریشی لەخۆگرتبوو، راهێنانی پێشکەوتووی وەلامدانەوەی زەبریان تەواو کرد.

**183 پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی** راهێنانیان وەرگرت لە بواری دیاری کردنی لەپێشەوەبوونی چارەسەری (تریاژ)، رەوتی نەخۆش و بەهۆش هێنانەوە، ئەمەش بۆ باشترکردنی چاودێری فریاکەوتن.

**80 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی** وەک بەشێک لە تیمەکانی بەدەمەوەچوونی فریاکەوتنی کۆمەڵگا لە بەغدا، هەولێر و موسڵ راهێنران.

**350 پسپۆڕی پزیشکی** و **64 وتەبێژی شارەزا** لە یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی عێراق سەبارەت بە چاودێریی فریاکەوتن، کە بە هاوبەشی لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە رێکخرابوو، کۆکرانەوە، بەمەبەستی باشترکردنی سیستەمی تەندروستی فریاکەوتنی وڵات.

## ژمارەی بێبەرامبەر
## 80022222
ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا

www.icrc.org/iq
facebook.com/icrciq
twitter.com/icrc_iq
instagram.com/icrc_iraq

International Committee of the Red Cross
PO Box 3317 Al-'Alwiyah Post Office
Baghdad, Iraq
T +964 770 443 8126/7
T +964 780 196 4614/5
© ICRC, March 2026

ICRC

2026.2519/264 03.2026 M. Khalaf/ICRC :وێنەی بەرگ